# چیرۆکەڵە

ژمارە ٤٤

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە چیرۆکی کارگەبییە؛ نها.

٧ی ڕێبەندانی ٢٧١٨



**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

شەرمین سالحی
حمێرا محەممەد ئەمینی
چنوور ناسری
منیرە فەیزە
خەدیجە جاوید
ڕەحمان جەنگ
ماٚنا شەمسی
ناسر فەتحی
جێگر بەختیار
بیژەن ڕەحمانی
هیوا بەیرامی
موحسین سوبحانی

**وێنەی ڕووبەرگ:**

Jörg Imme

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٤٤ ...

**ئامادەکاران:**

ئەمیر سیراجەدین، ناسر فەتحی

RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها.

- چیرۆکی کارگەیی
- بەتامی چیرۆک


- ئامادەکاران:

ناسر فەتحی

ئەمیر سیراجەدین


٧ی ڕێبەندانی ٢٧١٨

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

## "چیرۆک"

دەنگی دەست فرۆشێک گڕ لە بێدەنگی هۆڵەکە بەر دەدات. ئێستا ئەو دەمانە دەبوو چەند نەخۆشی بەڕێ کردبا. دەنگەکە هێندی دیکە مێشکی دەشلەژێنێت: "چاپە مەنێکانی شارم پێیە، لە بەر منیش بێت چەند دەنکێک هەڵگرن." بەر دەستەکەی دکتۆر دەنگی دەدات .

ـ کاکە ئێرە شوێنی کارە، بازاڕ نییە!!

ـ خۆ لە بازاڕ هەر نایکڕن، تەنانەت دووکاندارەکانیش. ئەی ڕوو لە کوێ کەم، کرێ چیم و، سێ مندالْم هەیە.!! هێندێکیان بانگی دەکەن .

نەخۆشەکان دەکەونە بۆڵە و گلەیی. ڕۆژ بە سەر چوو، دوکتور نایهەوێ کەس ببینێت.؟

"ڕۆژ نامە، دووحەوتە و، مانگنامە. مانگنامەکە چیرۆکی ژن و پیاێکی نەزۆکی تێدا، جا چۆن نەزۆکێک"!

لە پڕ دکتۆر خۆ بە هۆڵەکە دا دەکات: "کوانێ مانگنامەکەت!! تازەیە.؟

خەڵکەکە چاو لەو دیمەنە ناتروکێنن. سرت و خورت، دوان و، سیان، لێکیان نزیک دەکاتەوە.
ـ من دوو ساڵە دێم و دەچم، دوکتۆر زۆرم پێوە ماندووە، بەڵام...

ـ هەی بێ قەزابی، دوو ساڵ؟ من ئەوە بۆ پێنجەی دەچێت. ئێوە باشە هەر چییەک بێت لە شارەکەدان. من لە دێی ڕادێم، ڕۆژەڕێیەک دوورین. بوومەتە بنێشکە خۆشکەی لادێیە. چەند جاری بەڕێی تاران و، تەورێزێ کردوومە. دەر و، ژوورم، چ نەماوە ئازمایشت نەکرابن. هێندم دەرمان خواردووە، هەموو گیانم بوەتە برین و نەخۆشین .

ـ همم، کابراش سێ مندالی هەیە...، بەشەر هەر ناحەسێتەوە.

ـ دوکتۆر دەڵێ هیچت نییە و، نازانم!! هەموو قاقەزەکانم لای خۆیەتی.


کەسی سێهەم زۆر بە قەڵسی لای دکتۆر دێتە دەرێ .لە ڕێی ئایفۆنێکەوە، بەردەستەکە بانگ دەکرێتە ژووری دکتۆر. دێتەوە دەرێ و، بە ئەسپایی دەرکەکە کیپ دەکات. سەر بە سەر دەفتەری سەرکورسییەکەی بەر دەستی دا دەگرێ و، کەسی چوارەم بۆ چوونە ژووری تێدەگەیەنێت: "دوای پشویەکی کورت و، چایخواردنەوەیەکی دوکتوور، دەچێ ژووری ". تارمایی ئێوارێیەکی کورتی پاییزی، دزە دەکاتە شوێنەکە. قوڕ و قەپی نێو هۆڵەکە و، بێدەنگی شەو، و نێو ماڵیان، جارێکی دیکە چاوەڕوانەکان و؛ مندالْ نەبوون لە گەڵ یەکتر گرێ پووچکە دەکات.

سریوەی دەنگێک دێتە گوێ: "دیسان بوو بە شەو ".

لە گەڵ هەڵگرتنی کولۆیەک قەند، چاوێک بەسەر، سەر دێڕی مانگنامەکەدا دەگێڕێت، *چیرۆکی شار*ــــــ لاپەڕە/٤٢: ... "ساڵێک دوای مردنی پڕ گومانی دوکتوورە بە نێو بانگەکەی شار، هاو سەرەکەشی، لە کاتێکدا وا لە گەڵ "هیوا" (ئەو کوڕەی لە منداڵێیوە وەک منداڵی خۆیان پێیان گەیاندبوو ) پێکەوە دەژیان هەر وا گوماناوی؛ دوو ڕۆژ دوای مردنی لە ماڵەکەی خۆیان دەدۆزرێتەوە ".لە گەڵ قیژەی بەردەستەکە، کەسی چوار و پێنج و، هەر هەموو دەچنە ژووری دکتۆر.

کولۆ قەندەکەی هەر بە دەستەوە...

✍ ڕەحمان جەنگ




📷 evo

## "ژیانم لێ تاڵ بووە"

هەر دەیکووت منداڵمان نییە، منداڵمان نییە. هەموو دۆست و ئاشنا منداڵیان هەیە،دڵخۆشییەکیان هەیە،بەڵام من نازانم دڵم بە چی خۆش کەم. منیش لە وەڵامی ئەو قسەیەی دەمکووت:ئەگەر تۆ بەو هەموو ژیانە خۆشەی هەتە و بەو هەموو ڤیان و خۆشەویستییەی ئەمن پێم داوی بە دڵخۆشی نەبینی،ئیتر من هیچ قسەیەکم نییە. هەر لەو قسانە ڕا لێمان دەبوو کێشە و ناکۆکی و دەسرە و شەدە تێکدەچوو. هەڵبەت هیچ لەوەی ناخۆشتر نییە کە هاوسەرەکەت پشتت نەگرێ و قسە و باسی بنەماڵەکەشی لەوێ ڕاوەستێ کە قەت ناهێڵێ ژیانێکی ئارام و بێ کەند و کۆسپت هەبێ. لەو قسانەی دڵم زۆر دەگیرا و دەچوومە قووژبنێکی دادەنیشتم و ورد ورد فرمێسکم هەڵدەوەراند. دڵم زۆر گیرا بوو بەڵام نەمدەزانی هۆی چ بوو. هۆی ژیانی ناخۆش بوو یان هۆی ئەو چەرمەسەرییە کە یەخەمی گرتبوو و بەری نەدەدا. هەر بەو هۆیەش قەت پێمخۆش نەبووە کە کەند و کۆسپی ژیانم بە بنەماڵەکەم بڵێم و هەمیشە لەخۆمم دەکردەوە و هیچم نەدەکووت. ڕاستییەکەی منیش پێمخۆش بوو منداڵێکم هەبێ و خۆشترین وشە و پاکترین وشەی سەر زەوی بە ناوی دایە بە من بڵێ. بەڵام ئەوە ویستی خودای بوو و بە دەوا و دەرمانیش هیچمان بۆ نەکردرا بوو.

هەستم دەکرد هاوسەرەکەم ژیانی پێخۆش نەماوە و لە کن من دڵی خۆش نییە و زۆربەی کاتەکەی لە لای هاوڕییەکانی دەگوزەراند. منیش هەستم دەکرد ڕۆژ بە ڕۆژ پیرتر دەبم و تەمەنم دەچێتە سەرێ.بەڵام کەس نەیدەزانی ئەو دەردەی ئەمن دەیکێشم لە چییە. ئاخ ڕۆژگار. ئیتر تاقەتی ژیان کردن بەم جۆرەم نەماوە.نە قسەیەک نە شۆخی و جەفەنگێک.

نەمدەزانی چ بکەم.بە بیری خۆم باشترین ڕێگا ئەوە بوو کە بچم دەگەڵ دایکی بدوێم و ژیانی خۆمی بۆ بگێرمەوە. بەڵام ناڕێکترین بیر بوو کە بە زەینم گەییشت بوومە تنۆکێک ئاو و هاتمەوە ماڵێ. ئەویش لای کوڕەکەی دەگرت.دەیکووت ڕاست دەکا و منیش ئەوە دەگەڕێم تا ژنێکی چاکی بۆ بدۆزمەوە. چاوم بز کرد و کووتم:یانی چی؟دەتانهەوێ هەوێی بەسەر من بێنن؟ ئەوەیە نەریتی ژیان؟

زۆر بە ئارام و هێدی و بە بزەیەکی سەر لێوی کە گاڵتەی پێ دەکردم،کووتی:ئا،دەیجا چییە؟کێشەت هەیە دەتوانی بچیەوە ماڵە بابت. منیش هیچم نەکووت و وە گریان کەوتم و لە ماڵێ هاتمە دەرێ. نەمدەزانی چ بکەم.بەڵێنم بە خۆم داوە کە هیچ کات ئەو قسەیەی نەڵێم.بەڵام ئەو جۆرەی دەبینم بۆخۆشی بۆی گرینگ نییە.

ئاخر چۆن دەبێ مرۆڤێک بۆی گرینگ نەبێ کە منی ژن چ دەکێشم.هەر دەڵێی لە بیری چووەتەوە. لەو بیرانە دا بووم کە گەییشتمەوە بن دەرگای ماڵێ و دەستم لە گیرفانم دەرهێنا و کلیلم لە دەرگای هاویشت و دەرگاکەم کردەوە. دیتم هاوسەرەکەم لە ماڵە. سڵاوم کرد. ئیتر کە ئەم قسەی دایکیم بیست بوو،نەمدەویست خۆم خوێنتاڵ کەم و قسەی دەگەڵ نەکەم.

وەڵامی سڵاوەکەمی نەدا و هەر بە سەر دواندمی. منیش هێندێک پێمناخۆش بوو.

دڵنیا بووم دایکی ئەو قسە یەی بە ویش کووت بوو. جا چۆن پێیناخۆش دەبێ، ئەویش ئەو کە ڕووحی دەباڵ ڕووحی دایکی دایە. ئیتر تاقەت ناهێنم. دەچم و هەموو شتێکی پێ دەڵێم با لانی کەم ئەو بزانێ چ دە دڵم دایە و چ دەردێکی دەکێشم. هاتمە لای و دانیشتم و کووتم دەمهەوێ قسان بکەین.دیسان بە سەر وەڵامی دا مەوە.منیش قەڵس بووم و کووتم شکووری خودای زمانت نییە؟ ئەویش کووتی چ بووە بۆ قەڵسی؟ کووتم وا هەست ناکەی ئەمن ژنتم. بۆ وەڵامم نادەیەوە؟

ئەویش کووتی دەی چت دەوێ؟

کووتم ئەمە چەندساڵە پێکەوە زەماوەندمان کردووە؟

ئەویش کووتی ٦ ساڵ. کە چی؟ بۆ ئەو پرسیارەت کرد؟

کووتم ئەمن ئەورۆ دەبێ قسەیەکت پێ بڵێم کە بڕیاڕ وا بوو لە من و لە دایکت زیاتر کەس بەو قسەیە نەزانێتەوە.

کووتی: دایکم؟ دایکم بۆ؟

کووتم: ئاخر دایکت نەیدەویست کوڕە ناسک نارنجییەکەی ناڕەحەت بێ. دەیکووت نابێ ئەو بەو قسەیە بزانێ.

کووتی: چ قسەیەک؟زوو بە بیڵێ.

کووتم: دەبێ بچینە لای دوکتوور تا بزانین کێشەی نەزۆکی لە کێیە

کووتی: مەگەر نەچووین و کووتییان کێشە لە تۆیە؟

کووتم: با چووین بەڵام ئەورۆ دەبێ شتێکی بزانی.

کووتی: چی؟

کووتم لە نەخۆشخانە پێت دەڵێم.

کووتی: باشە هەستە دەبەر کە با بڕۆین.

کووتم: باش

بە زوویانە خۆم ساز کرد و وە ڕێ کەوتین. گەییشتینە نەخۆشخانە و چاوەڕێ ڕاوەستاین.
لە نەکاو ناوی منیان خوێندەوە و چووینە ژووری.

کووتی: ئاقای دوکتوور دەمانهەوێ بزانین کێهەمان نەزۆکین.

دووکتووریش دوای کەمێک و چەند خولەکێک کووتی کێشە لە تۆیە ئاقا و خێزانت هیچ کێشەی نییە. دەتکووت ئاوی ساردیان پێداکرد. هاتینە دەرێ و لەسەر کورسییەکی لە ناو پارکێک دا، دانیشتین. بارودۆخی باش نەبوو و منیش هیچم نەکووت. ئەو کات بۆخۆی کووتی: ئەگەر ئاوا بووە چۆنە پێشتر کووتیان من کێشەم نییە؟

کووتم دایکت بە دووکتوری کووتبوو کە وا بلّێ تا تۆ لە ژیان ماندوو نەبی. بەڵام نەیزانی کە من لە ژیان ماندوو دەکا و دڵم دەشکێنێ بەو قسانەی.

کووتی: دایکم شتێکی پێ کووتووی؟

منیش کووتم: بڕیار وایە ژنت بۆ بهێنێ تا تۆ دڵخۆش بی.

کووتی: مەگەر ناڵێی من منداڵم نابێ؛ئەدی بۆ دایکم وا دەکا؟

کووتم هەموو ئەوانە بیانوو بوو تا من لە ژیانت بچمە دەرێ و کووتی ئەگەر منداڵیشیان نەبوو منداڵیان بۆ وەردەگرم. بۆخۆت دەزانی کە لە ئەوەڵێ ڕا پێیخۆش نەبوو کە ئەمن ببمە ژنی تۆ.

کووتی:گرینگ ئەوەیە کە من ژنم ناوێ.

منیش کووتم:گرینگ ئەوەیە کە من ژیانم ناوێ.

کووتی: ئەوە بە چ مانایە؟

کووتم: خودات دەگەڵ بێ.بڕۆ بە قسەی دایکت بکە.ژنێکی بهێنە و ژیانێکی نوێ ساز کە.
من دێم و جل و بەرگ و کەرەستەکانم کۆ دەکەمەوە و لە ماڵێ دەڕۆم. ئەتۆ و دایکت ژیانتان لە من تاڵ کرد. خودات دەگەڵ بێ. زۆری بانگ کردم بەڵام من تازە ئەو ژیانەم ناوێ.

ڕۆییشتم و ڕۆییشتم و لە ئاسۆ دا ون بووم...

✍ مانا شەمسی



Per Engström

## "خواوەند"

سێ جار لەسەر نەزۆکی تەڵاق درابوو. بەڵام جاری چوارەم کە لە ترسی تەڵاق شووی بە پیاوێکی نەزۆک کردبوو، کچێکی جوانی بوو. ئەمە چیرۆکی خواژنی زاوزێ بوو.

✍ **ناسر فەتحی**



📷 John Slettjord

## "برینەکان دەکولێنەوە"

لەسەر کورسی دانیشتبوو، بەدیار گێرانەوەی حیکایەتی ڕۆژە خۆشەکان لەگەڵ هاوکارەکانی پێدەکەنی.بە پەلە نەخۆشێکیان گەیاندە نەخۆشخانەکەیان. دەمامکی بەست و پەنجەوانەی کردە دەستی و بەخێرایی بەرەو ژووری فریاگوزاری خێرا چوو. هەر کە لە دەرگای ژووری فریاگوزاری خێرا ئاودیوو بوو، چاوی بەنەخۆشەکە کەوت، هەنگاوەکانی خاو کردەوە. خورپەیەک بە دڵی داهات و ڕەنگی تێکچوو. هێواش هێواش بەرەو ڕووی نەخۆشەکە دەچوو، تا نزیکتر دەبووەوە لە ناسینی دڵنیاتر دەبوو. گەیشە لای سەری نەخۆشەکە و هەردووک دەستی بە خۆی دا بەردایەوە. دەستەکانی کردە مشت و پەنجەکانی بەشێوەییەک بەناو لەپی دا دەگووشی، هێندەی نەدەما بەناو لەپی دا ڕۆبچن. نەخۆشەکە هەناسە دانی کەمی کرد و لێدانی دڵی خراپ بوو. لێی نزیک بووەوە و بە قورگی پر هەنسکەوە، کراسی نەخۆشەکەی لە ناوەراستەوە دڕاند، هەردووک دەستی لەسەر سینگی دانا، پاڵە پەستۆی دەخستە سەر سینگی و دەستی هەڵدەگرت. حەزی دەکرد دەستەکانی بخاتە سەر دەمی و بیخنکێنێت، یان هێندە بە هێز پاڵ بە پەراسووەکانی بنێ، دانە دانەی پەراسووەکانی بشکێنێ، لەسەر هاوار بکات بڵێ: ئەها تۆڵەم لێکردیتەوە، بمرە دەی بمرە، بە جەهەنەم. بەڵام وای نەکرد، تەنانەت هەناسە دانی دەست کردی بۆ کرد، تاکو لێدانی دڵی کەمێک باشتر بوو. بارودۆخی نەخۆشەکە کەمێک جێگیر بوو. ڕایکردە حەمامی نەخۆشخانەکە، ئاوی بەرادایەوە و لە ئاوێنەکەی بەرامبەری سەیری خۆی کرد. لە پرمەی گریانی دا، دەستی بەگریانێکی بەکوڵ کرد، بەشێوەیەک دەگریا، دەنگی گریانەکەی دەگەیشتە گوێی نەخۆشەکە و ئەوانەی لە نزیکی بوون. هەمووان وایان دەزانی گریانی خۆشییە، چونکە نەخۆشێکی لە مردن ڕزگار کردووە. نەخۆشەکە سەری بەلای دەرگا دا سوڕاند و چەند دڵۆپە فرمێسکێک بە شێنەی بە چاوانی دا هاتنە خوارەوە، دەیزانی پەرستارەکە لە بەر چ هۆیەک دەگرییەت، دەیزانی هۆکاری گریانەکەی بەهۆی ڕووداوێکی چەند ساڵ لەمەو بەرە، کە تێیدا ئەو پەرستارەی ئازار داوە. شەوێکی زستان، کە تاریکی دونیایی داپۆشیبوو. مانگ لەو دیووی هەورە ڕەشەکان باوەشکی دەدا، با بە سینگە خشێ دونیا دەگەڕا. لە مدبەخ ماڵەکەی خەریکی چێشت لێنان بوو. لە دەرگا درا، ئاگری (تەباغەکەی) کەم کردەوە چوو، تاکوو دەرگا بکاتەوە. چەند کەسێک بوون ژنێکی نەخۆشیان لەگەڵ بوو، هێنابوویان، تاوەکو چارەسەریبکات. ژنەکەیان لەۆتۆمبێلەکە دابازاند، لە بەشی دواوەش

سێ منداڵ خۆیان فڕێدایە خوارەوە. یەکێکیان منداڵی شۆفێرەکە بوو، کە کوڕێکی تەمەن چوار ساڵان بوو، دووانەکەی تر منداڵی نەخۆشەکە بوون، دوو کچی تەمەن چوار ساڵی و پێنج ساڵی.

ژنە نەخۆشەکەیان لە ژووری میوان درێژ کرد، پەرستارەکە چووە لای. چەند پشکنینێکی سەرەتایی بۆ ئەنجام دا و دڵنیایی پێدا کە نەخۆشییەکەی شتێکی وا نییە. پێی گوتن کە هیچ دەرمانی پێویستی لەماڵەوە نییە، هەندێک لە دەرمانەکانی خۆی، کە بۆ کاتی پێویست هەڵیگرتبوو پێیدا و چەند دەرمانێکی تری بۆ نووسی، کە ڕۆژ بووەوە لە شار بیکڕێت. لەبەرامبەر ئەوکارەی کە کردی، هیچ پارەیەکی وەرنەگرت. تا دەرگایی دەرەوە لەگەڵیان چوو. نەخۆشەکە و مێردەکەی کە هێشتا بە تەواوی نەچووبوونە ناو ئۆتۆمبێلەکە، بایەک هەڵی کرد، بارانی بەرێژنەی لەگەڵ خۆی هێنابوو. گڵۆپی بەر دەگایەکە هەڵلەرزی و دواتر سوتا. باران زیادی کرد، بەر لەوەی خودا حافیزیان لێبکات، پەرەستارەکە بەرەو ژوورەوە ڕایکرد. نیوو کاتژمێرێک دواتر، لەکاتێک دا پەرستارەکە لەگەڵ مێرد خەریکی نان خواردن بوون، دووبارە لە دەرگا درایەوە. پەرستارەکە دەرگایەکەی کردەوە بینی مێردی ژنە نەخۆشەکەیە؛

ـ فەرموو

ـ منداڵێکمان لێرە لێ بەجێ نەماوە

ـ نا ئێمە هیچ منداڵێکمان نەبینیووە

ـ کچێکی بچووکە چوار ساڵانە

بانگی پەرستارەکەی کرد و تێی گەیان کە بابەتی گەڕانەوەی ئەوانە چییە.

هەموویان بە دوای منداڵە ون بووەکە دەگەڕان، هیچ ئاسارێکی دیار نەبوو. ئەوەی هەبوو تەنیا تاکێک پێڵاوی منداڵەکە بوو لە بەشی دواوەی ئۆتۆمبێلەکە بەجێ مابوو.

ـ ڕەنگە منداڵەکە کەوتبێت

ـ چۆن وادەڵێی؟ من چەندین ساڵە شۆفێرم، بێ ئاگانیم، لە کاتی شۆفێریکردن. کێ نالێ ئێوە منداڵەکەتان نەدزیووە، تا گورچیلەکانی بفرۆشن.

ـ چیییییی؟ شێت بوویت؟

بەبینی ئەوەی کە تاوان باری دەکەن، دەری کردن لە ماڵەکەی، بەڵام دوای کەمێک گەڕانەوە و پۆلیسیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو؛

ـ گەورەم ئەوە پەرستارەکەیە، دڵنیام ئەوان منداڵەکەیان دزیووە.

پۆلیس دەستی بە پشکنین کرد، ناو بەفرگرەکە ، تانکی سەربان و تەنانەت کۆمەد و دۆڵابەکانیش گەڕا بەدوای منداڵەکە.

پەرستارەکە و مێردەکەی قۆڵبەستکران و بردرانە بنکەی پۆلیس.

پەراوی لێکۆڵینەوەیان کردەوە و دەستیان کرد بەلێکۆڵینەوە، سێ رۆژ بە بەردەوامی پۆلیس لەگەڕان دابوون بە دووای منداڵە ون بووەکە.

شۆفێرکە هەرجارێک پرسیاری لێدەکرا ، پەنجەی تاوانی درێژ دەکرد بەرەو پەرستارەکە.

چوار ڕۆژ دووای ڕووداوەکە، سبێنەیەکی زوو کە هێشتا پەرستارەکە لە خەو هەڵنەستابوو، دەرگای زیندانیان کردەوە. فەرمانی ئازاد کردنیان پێ ڕاگەیان.

بەڕێووبەری پۆلیس داوای لێبوردنی لێکردن کە ئەو چەند ڕۆژە بەبێ تاوانی دەستگیری کردوونە، وە پێشی گوتن: ئەمڕۆ شوانێک بە ڕێکەوت تەرمی منداڵەکەی دۆزیووەتەوە، لە نزیکی ئەو ڕێگایەی کە دەچێتەوە گوندی منداڵەکە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە منداڵەکە لە ناو ئۆتۆمبێلەکە پەڕیووە.

وا دیارە منداڵەکە دوای بەربوونەوەی لە ترسان لە ڕێگاکە دوور کەوتووتەوە.

لەبەر ئەوەی زوو نە دۆزراوەتەوە، بەهۆی سەرماوە گیانی لەدەست داوە.

✍ جێگر بەختیار




📷 Achim Höfler

**"ئەوین"**

چاوی لە نێو چاوت بڕی ،زۆر شەرمە زار بوو دەتکوت لەدڵەوە بە کوول دەگری بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە کاغەزەکە ی لە سەر مووبلە کە دانا پشتی تێکردی منداڵمان نابێ خەتاتە . زۆر بێ دەسە ڵاتی ،پیسیش عاشق،ژیان بۆ خۆی گەمەیەکی دۆڕاوە زۆر بە ڕاستی مەگرە. کە واوپاتۆڵە کەیت بۆ ئووتوو کرد ،عە ترت پێدا پرژاند ، ناتە سەردڵت تێرت بۆن پێوە کرد: ئاخ ڕەسوول گیان زۆرم خۆشدە وێی . بە ڵام ئەو ماوەیەکە عاشقە ،بۆ خۆشت چاک دە زانی ،خۆت لی گێل کردووە. دەڵەی چی عە شق جاری وایە هێندە سووتێنەرە عەقل و هۆشت لە لا نامێنێ. حەوت ساڵە ژیانێکی پڕ لە خۆشە ویستیت لە گەڵی بردۆتە سەر .

سفرەکەت ڕاخست ،دۆیەکی ترش و برێک سەوزی و دوو قاپ شۆرباوت دانا. دەرکە کراوە ،ترپە ی دڵت دە تکوت مێلۆدی بێ ریتمە. ڕەسوول هاتەوە ،نێو چاوانی زۆر گرژە بەرە وپیری چووی رووی پێنە دای تێکشکای ،بە سەرخۆتت نە هێنا ڕویشتیە بەر ئاوێنە ،ڕەنگت زەرد هە ڵگە ڕا ،ماتیکێکی سوورت بە لێوتدا هێنا ،توزێک سایەی سوورت لە کۆڵمە کانت هەڵساوی . دەت ویست خەم وپەژارەت لەژێر ئە و سوورا و سپیاوە دا بشاریە وە. بە بزە و لەنج و لارە وە لێی ڕویشتیە پێشێ دەستت گووشی ،دمت بردە پێشێ، ویستت ماچێکی بکەی بەڵام لێت کشاوە. دە نگی هەڵێنا بە سەرتیدا گووڕاند: منداڵم دە وێ منداڵ ،ئە مرو تە کلیفی خۆت مەعلووم کە ،منیش حەز دەکە م منداڵێکی کوڕم بێ بە ئاواتی دڵم بگەم. سە ری وەر سووڕاند چاوی لە چا وت بڕی ، ئەو نیگایانەی ڕەسوول وە ک جاران خۆشە ویستی تێدا نە مابوو لێی چوویە پێشێ: - بە ڵام

- بە ڵام و هیچ سبەینێ ئازمایش دە گرین مە علووم دە کا خەتا لەکامەمانە .

وە ک مەیتت لێ هات ،دمت گۆیی نەدەکرد لە سفرەکە دوور کە وتییە وە ڕویشتیە ئاشپەزخانە پەڕۆیە کت بە دەستەوە گرت بەر بوویە خاوێن کردنەوە ی گازەکە ئە وندە ت ئە وگازە سڕی تەواوی قامکەکانت دێشا .

لە بەر خۆتە وە:ماوەیەکە ڕەسوول زۆر گۆڕاوە، ئەی بۆ ئەودەم جوان و جەحێڵ بووم نەیدەهێشت بچمە دووکتوور ،حاشای لە منداڵ بوو ئەلانیش بیانووی منداڵم پێ دەگرێ؟

بەو قسانە خۆت فریو دە دا ،دە نا ئاگات لە هە موو کەینەو بەینەی ڕە سوول بوو.

ڕویشتیە پەنای ،دانیشتی،دەستت لە سەر دەستی دانا دە ستی فڕێدای دە نگی هە لێنا :لاچوو لێم دوورکەوە حەوسەلەتم نییە .

فرمێسک بە چاوانتدا هاتە خوارێ پێموا ئەوە ناخۆشترین کارەساتی دڵتە زێنی ژیانتە ، خۆت چکۆڵە کردەوە :کوڕە بە قەرە واشت بم ئاخە تاوانم چییە ؟ناتوانم دە ستت لێ هە ڵگرم. چۆکەکانت دە لەرزین لە باوشت گرت و لە سووچی ژوورە کە بەخە مباری دانیشتی . ژیانت لێ تێکچووە ڕەسوول عاشقە، ئە مجار عاشقی تۆنییە . دوو ڕۆژە چاوەڕێی وەڵامی ئازمایشە کەیٚ،شە و ڕۆژت لێ بوو بە ژەهریمار ئا را و قەرات لێ هە ڵگیرا.

رەسووڵ شڵەژابوو بێ ئاوڕ دانە وە ڕۆیی دە ستتدا کاغەکە زۆرت چاو لێ کرد .

خۆ تۆش وەک کوێر وای ،لەیەک کە لیمەی ئە و کاغە زە ش تێناگە ی .

خەفەتێکی قوورس کەوتە سەر شانت خۆت پێ ڕاگیر نە کرا ،دات لە قووڵپە ی گریان

دە ربە دەریت لە لایە ک و تانە و تە شە ری نە یارانیش لە لایە کی تر . بە دە نگی گریانت بە فرین خۆی بە ژووردا کرد تۆش وە کوو هە وری بە هاری دە گریای.

وەڵامی ئازمایشەکەت دایە دە ستی بە فرین بە سەر سووڕماویەوە:

بەڵام تۆ منداڵت دە بێ ئە وە کاکە ڕە سووڵە منداڵی نابێ!

✍ **منیرە فەیزە**




📷 Hans-Peter Gobien

## "سفتاح"

قرتەی قاتی حەوتەمی ئاسانسۆڕەکەی لێدا. چاوی لە موبایلەکەی بوو؛ پشتی لە دەرگا. لە ئاوێنەکەوە سێبەری دووچاوی قورسی بەسەر دەموچاوی دا، هەست پێکرد. ویستی مۆنەی لێبکا. بەڵام دیتی زۆر لەوە زەبوونترە، وەک جاران غەڕڕەیی بکا. بیری دەکردەوە؛ بلێی ئەوە لەگەڵم بێ؟ بلێی لێم حاڵی بێ؟ باشە خۆ هەر بۆ شەوێک، دەمهەوێ و هیچی دیکە! شەوێک هیچ نییە؛ خوداش بە گوناح بۆم نانووسێ. بە تایبەت کە خودا گیان دەزانێ لەبەر ئاوات گیان ئەو کارە دەکەم. ئەی ئەگەر بە شەوێک نەیگرت؛ چ بکەم؟! باشە، چۆنی پێ بڵێم؟! بلێی بە چاو داگرتنێک، لێم حاڵی بێت؟ لە گەڵ چاو داگرتنی...

دوکتور لە دوایین چاوپێکەوتن دا، سەرینی خاترجەمی خستبووە بن سەری و پێی گوتبوو: مێردەکەت عەیبدارە و بۆخۆت ساغی. بەڵام مێردەکەی بەو شتەی نەدەزانی.

کە چاوی داگرت؛ دەرگای ئاسانسۆڕەکە کراوە و ژنێک و منداڵێک بە پڕتاو خۆیان بە ژووری دا کرد. نەیتوانی زایەڵەی دەنگی وڵامی پیاوەکە، لە چاوەکانی دا، ببیستێ.

حەوت قۆناغی ئەوینی ئاوات بۆ ئەو، لە سەرووی هەموو بایەخ و پێداویستییەکان بوو. حازر بوو لە پێناو ئەو دا، لە هەمووشتێکی خۆی بوگزەرێ؛ تەنانەت لە داوێنیشی.

لە گەڵ کرانەوەی دەرگای ئاسانسۆڕ بۆ جاری دوایە، پیاوەکە چووە دەرێ. سەری خستەوە سەر موبایلەکەی و چاوی خشاند بەسەر ئەکاونتە داخوازراوەکەی دا، بزانێ هیچ دەستکەوتێکی بووە؛ یان نا. چاوەڕێی گەیشتن بە قاتی حەوتەم بوو.

کاتێک دوای حەوت ساڵ لەو سەرووخوار چوونەی ناو ئاسانسۆڕ، کۆرپەیەکی شیرینخێلی لە باوەش ئاوات خست؛ نەیدەزانی چۆن جوابی چاکەی خەمانە شێت بداتەوە؛ کاتێک شەوێک وەفریای کەوت!

✍ بیژەن ڕەحمانی



David Gomez Monsalve

## "چوارچێوەیەکی بەتاڵ "

ڕوو بە ڕووی وێنەیەک هەڵاوەسراوە، شووشەی قاپی وێنەکە بە شکاوی ڕۆخساری سەد جار دووپاتکراو نیشانی خۆیدەدا و دواتر سەد چرچ ولۆچ بەدرزی شووشەکەو ڕۆدەچۆدەچێتە دەم وچاوی. سێ وێنە، هەریەکیان بە چوارچێوەیەکی زێوینەوە سرنجی مرۆڤ ڕادەکێشێت. منالێک، کە ڕووخساری لەنێو هەڵمێکی سپیدا ونبووە. ئافرەتێکیش نمەی شادی وەکو باران لە جەستەی تازەپێگەیشتووی هاڵاوە و پیاوێکی بە هەیبەت کە پڕ بە چاو سەیری ژنە دەکات و لە هەمان کاتیش بە نیو نیگایەک بۆ دەرەوەی وێنەکە دەڕوانێت! وێچوییەکی غەریب لە نێوان خاتوونی نێو چوارچێوەزێویەکە و ئافرەتی ناو ژوورەکە هەیە، ژنەکە بێ گرینگیدان بەو خوێنەی لە پەنجەی دەچۆرێت، لە بەر خۆییەوە بە نەفرەتەوە ئەڵێت: « تۆ منت لە ناوو برد !تۆ ! تۆ و درۆییەکانت » دەستی دەخشێنێتە سەر وێنە شکاوەکەو و پەنجەی خوێناوی ڕوخساری پیاوی ناو قابی حەکسە دەڕنێت. پیاوەکە لە پشت سەریەوە هەوڵدەدا بە وشەیەک لێی نیزیک بێتەوە « لەوە دەترسام تۆ لە دەست بدەم» ژنکە بەتووڕەیەوە شالاوی بۆ دەبات وبە پەنجە خوێناویەکەی شانی دەگرێت و پاڵی ئەدات بە دیوارەکەوە و بەدەم ئازارێکی قووڵەوە دەناڵێنێت : « چاوێک لە من بکە! چاو، ببینە چیت کردووە پێم؟هەمووی ئەو ساڵانە منت خەتابار دادەنا، من وەکوو شێت حەبی ئەحسابم بەجێی نان و ئاو دەخوارد. تۆ بە تاوانی وەجاخ کوێری چیت بەسەرم نەهێنا چی؟! بۆچی وات کرد، بۆ؟؟ وەڵامم دەوە؟» پیاوەکە بە سەر سوڕماویەوە لە ئاشکرا بوونی نەهێنیەکەی، دەسماڵ کاغەزیەک لە گیرفانی دەردێنێت کە پێش بە خوێنبەر بوونی دەستی ژنەکە بگرێت. ژنە پەنجەی بەئازارەوە مشت دەکات، و هاواری بەرز دەبێت : « تۆ... تۆ ...ئەوەت لە گەڵ من کرد؟؟ دەتکوت با هەموو دونیا بزانێت من بەخاتری منالنەبوونت قەت واز لە تۆ ناهێنم.»بە گریانەوە دەکەوێتە سەر ئەرز، پیاوەکە بە خێرایی دەچێت حەبێک دێنێت وبە زۆر دەیخاتە ناو دەمی. ژنەکە حەبەکە تف دەکاتەوە دەر. " ئەگەر ئەو ڕۆژەی تۆ لە سەفەر بووی ومن تووشی خوێنبەر بوون بووم نەچوبایەم بۆ دکتوری پسپۆر وپشکنینم نەکردبا هیچ وەخت نەمدەزانی هیچ وەخت." پیاوەکە پشتێنەکەی توند دەکاتەوە وبەشڵەژاویەوە دەڵێت :" من تۆم خۆشدەویست نەمەویست بەوە بزانی و لێم جودا بیەوە" ژنەکە دەستە خوێناویەکەی لە باوەش دەگرێت و وەکوو منالێک دەیلاوێنێتەوە و بەرەو دەرگا دەڕوات.

✍ خەدیجە جاوید



Yulia

## "گڵەتەندوور"

دایکم لەسەر نۆ مانگ و نۆ ڕۆژەی خۆی بوو و ژانی دەهاتێ. ناردیانم بە دووی دایە حەلیمەی ماما. ماڵیان لەوسەری گوند بوو و لەگەڵ مێردەکەی و عەبدولڕەحمانی کوڕی دەژیا. ناوی باوکی لەسەر ئەو کوڕە دانابوو بۆ ئەوەی بۆنی باوکی لێ بکات و بتوانێ خۆشی بوێ. سێ لەسەر چواری منداڵەکانی گوندەکەمان بە دەستی وی لە دایک ببوون. قەدوقەڵافەتی ناشیرن بوو و بەرهەڵبێنەکەی قەت نەبوو چڵک و چەپەر نەیشاردبێتەوە. دایمەوسەحات سێ چوار تاڵی قژی لەو لەچکەیەی کە توونە لە سەری قایم دەکرد، بە شپڕێوی هاتبوونە دەرێ. چاک بوو دایکی من نەبوو. ئەگە دەهاتە ماڵێمان بێزم لێی هەڵدەستا، ئاخر کارێکی زۆر قێزەوەنی دەکرد. ئێستا ناحیلاج لە پێشی بەپەلە دەڕۆیشتم و دەمبردەوە ماڵە خۆمان هەتا یارمەتی دایکم بدات خوشک یان برایەکی تازەم بۆ بێنێ. گەیشتینەوە و یەکسەرە ڕۆیشتە لای دایکم. دایکم ژانی هەبوو و هاواری دەکرد بەڵام دایە حەلیمە قاقا پێدەکەنی و دەیگوت: "ژنەتیوە تەشک و داوێن گوە ئەوە ئەو هاوارهاوارەت لە چییە دەڵەی قەتت منداڵ نەبووە دەی، هەر بۆخۆم نێوکی چواران بۆ بڕیوی مانگا بەکەڵ..."

ئەمن بۆخۆم بە چاوی خۆم هی خوشک و برایەکی لەخۆم چووکترم دیتوە کە نێوکی بڕیون و ئەوەش سێهەمیانە. کە دایکم منداڵەی بوو، هەڵیهێنا و چاوی لێکرد. لەو چاو لێکردنەی ترسام. نێوکی بڕی و دە پەڕۆیەکی وەپێچا و دە باوەشی دایکمی هاویشت. ئەوجار هەستا و ڕۆیشتە مدبەق. چەقۆیەکی هەڵگرت و ڕۆ بووە تەندوورەکە. بە چەقۆکە خەریکی کڕاندنی تەندوورەکە بوو و هەمووجارێ توێخێکی لێوە دەکرد و دایدەهێشتە زاری و دەیجووت. هەمیشە بێزم لەو کارەی هەڵدەستا. ئەوەندی لە تەندوورەکە دەکڕاند و دەیخوارد هەتا دەیگەیاندە زیندووی. هێڵنجم دەهاتێ. دایکم هەمیشە دەیکوت: "ئەو ژنە هەمیشەی خودای دەڵەی مەگیرانێ لە گڵەسووتاوی تەندوورێ دەکات. مانگا ئەستێور چاکە زگان ناکات و نەزۆکە دەنا تەندووری لەو گوندە دەبڕی."

✍ هیوا بەیرامی



Michael Nguyen

## "سوورِی هیوا"

هەنگاوەکانی برِی ماڵیان نەدەکرد. جانتاکەی دەستی ئەتگوت قورسایی هەموو ئەو ساڵانەی هەڵگرتووە مەشق و بەرگەی ئەزموونەکانی قوتابیانی پێ دەهێنایەوە بۆ ماڵەوە. بەشی ئەوە هومێدی لا نەمابوو ئەمرِۆی پێ بداتە سەر. کە بە شەقامەکەدا تێدەپەرِی و ئەو ژنانەی دەدی منداڵێکیان بە دەستەوەیە و بەخیلی پێدەبردن. لەمێژەیە بەخیلی لای سەما بووەتە سیفەتێک لەو سیفاتانەی زاتیی نین و قەدەر دەیخاتە رِێی مرۆڤ. ئەو هەتا حەسوودی بەو پشیلەیە دەبرد سێ چوار کتکی بۆر و بازگ کەوتبوونە دوای. بەخیلی بەو هەورانە دەبرد لە ئاسمانەوە ئاوس ئەکران. دواجار بەخیلی بە هەموو مێینەیەک ئەبرد کە بۆ جارێک رەحمی خۆی تاقیکردۆتەوە.

کە گەیشتە ماڵەوە ساڵیحی مێردی لە حەوشەدا دیت، وەک هەموو ئەو ساڵانە لەبری ئەوەی خۆی بە منداڵێکەوە سەرقاڵ بکات دەستی بە گژ و گیای ناو باخچەکەدا دەهێنا و پەرِەی گوڵی ئەوێی ئەلاواند. ئەیزانی ئەو دەستە لەرزۆکانەی ئەویش ئەو دەستانەی ساڵانێک لەمەوبەر نین کە جلەوی ژیانی دەگرتن. بێ ئەوەی زیاتر لە مەرحەبایی قسەیەک بکات دەرِواتە ژوورەوە. جانتاکەی فرِێ دەداتە سەر قەنەفەی ناو هاڵەکە. ئەو جلە فەرمیانە لەبەر دەکەنێ کە ساڵانێکی دوور هەر لە یەکەم رِۆژی دەرچوونی وەکوو مامۆستای قوتابخانە هەتاکوو ئەمرِۆ کە خانەنشین کراوە، لەبەری دەکردن. دەرِوات سەرێک لەو ژوورە دەدات کە بۆیاخێکی پەمەیی کراوە و سەدان ئەسپاوی یاری و بووکەڵەی پێدا هەڵوەسراوە. ئاورِ دەداتەوە و بەرەو سرویسەکە دەرِوات. هەنگاوەکانی درِدۆنگییان پێوە دیارە. دڵێک پاڵی پێوە دەنێ و دڵێک پێشی دەگرێ. سێ رِۆژە لە سوورِی مانگانەی تێدەپەرِێ. لەناو دەرپێیکەیدا ئەو پەمووە دەردەهێنێ کە دوو دڵۆپ خوێن لەسەریەتی. بێ هیوا دێتە دەرێ و ئەزانێ تازە ئیدی ئەم مانگەشیان لەکیس چووە. دێتەوە هاڵەکە و لەسەر قەنەفەکە پاڵ دەکەوێ و هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێ و لەبەر خۆی دەڵێ: خاسە؛ شوکر هێشتا لە عوزر نەچووم!

✍ موحسین سوبحانی

## "ماچ"

خشەخشی گسک لێدانی گەڵاکانی حەوشە بەرگوێم دەکەوێ. پەڵەڕۆشناییەک لە سووچی پەردەکەوە خۆی کێشاوە بەسەر کاتژمێری سەر دیوارەکە. نۆی بەیانییە و خۆم گرمۆڵە دەکەم. چەند جارێ خۆم بەملاولادا دەخەم. تازە خەو لە چاوم ناکەوێت. هەڵدەستم و خۆم پۆشتە دەکەم، پەردەی ژوورەکەم لادەدەم. دار و درەختەکانی حەوشەکە ڕووتەڵ و بێ گەڵا بوون. زۆربەی درەختەکان سێون. پێشتر لقوپۆپی یەکێ لە دارەکان بە پەنجەرەکەمەوە دەنووسا، کاتێ پەنجەرەکەم دەکردەوە دەستم بە سێوەکانیش ڕادەگەشت. بابم لەو دیو پەنجەرەکەوە دەردەکەوێت. گسکێکی دەستەدرێژی لەسەر تاشەبەردێک داناوە و بە چەکوشێ خەریکی ڕێک کردنەوەیەتی. تەواوی گەڵا وەریوەکانی لە سووچێکەوە کۆکردۆتەوە؛ دایکم چەن عەلایەگەیەکی گەورەی لە گەڵا پڕ کردووە. بە قایشێک دەسکەی گسکەکە توند دەکاتەوە. جگەرەیە دادەگرسێنێ و بەردەوام دەبێت لە ماڵینی گەڵاکان. بایەکی توند هەڵیکردووە و چی گەڵایە جگە لە گەڵای نێو عەلاگەکان بە حەوشەکەدا بڵاو دەکاتەوە. کاک موختار هەموو بەیانییە گسکە دەستەدرێژەکەی لە سەر تاشەبەردی بەر درگاکە دادەنێ و بە چەکوشێ ڕێک و پێکی دەکات. لەبەر درگای هەر ماڵێکا درەختێ دانراوە و بە دیواری هەر ماڵێکیشا دارمێوێ هەڵچووە کە ئێستا جگە لە چەند چڵێکی وشک و ڕووتەڵ چیدی پێوە نەماوە. لە سووچێکی درگاکەوە سەیری دەکەم. دایکم یەک لە دووانەکانی بە کۆڵما بەستووە. یەکیان هێمنە و تەنیا کاتێ برسی دەبێت دەگری. بەڵام ئەمیان ماوەیەکە دەمی لێک نانێ و دایمە دەگری. دایکم پێنجەمین جارە کە دەبێ بە دایک. دوایین جار دووانەی ببوو. یەکیان تازە زمانی گرتووە و بەردەوام داوای چا دەکات. دایکم چای دەم کردووە و خۆی لە حەوشە جل دەشۆرێ. گرینۆکە برا بچووکەکەم، کاتێ بیانوو دەگرێ دەست هەڵگر نییە. منیش بۆ ئەوەی گریانەکانی بنیشێنمەوە بیانووەکانی جێبەجێ دەکەم. دەستە بچووکەکانم بە زەحمەت بە سەماوەرەکە دەگات. بە ترسەترس چاییەکی بۆ تێدەکەم، دایکم بە قیژەقیژ بە پلیکانەکانەکانا دێتە سەر. وەک کۆرپەلەیەکی ترساو خۆم دەخزێنمە باوەشی خوشکە گەورەکەم و هەڵدەلەرزم. پرسیارم لێدەکات: پێم بڵێ چا"کە ئاوی ساردت تێکردبوو؟ هەنسک لێدەدەم و هیچ ناڵێم. ئاوڕم لێدەداتەوە و بەزەیی پێمدا دێتەوە. پرسیارەکەی دووبارە دەکاتەوە. پێم گوتی: ئاوی ساردت تێکردبوو؟ گوتم: ئەرێ ئاوی ساردم تێ کردبوو. سەیری شەقامەکە دەکەم، کاک موختار تەواوی کۆڵانە تەنگەبەرەکەی

گسک لێداوە و تا سەر شەقامەکە ڕۆشتووە. دەمەو ئێوارە گەڕایەوە و من هێشتا منداڵ بەکۆڵ بە نێو کۆڵاندا دەسووڕێمەوە. ساڵێکم تا قوتابخانە ماوە و دەترسم برابچووکەکەم گریانەکانی تەواو نەبێت. کاک موختار زیاتر من ماچ دەکات تا برابچووکەکەم. دەسگیرانەکەم پێدەکەنێ، کاک موختار دەڵێ: من ئەم کچەم لەپێش تۆ سەدان جار ماچ کردووە. بەردەمم دەگرم و پێدەکەنم ڕوخسارم سوور هەڵدەگەڕێ، پێی سەیرە دەحەپەسێ و بە سەرسووڕمانەوە لێم ڕادەمێنێ. دەڵێم: ڕاست دەکات ئەم پیاوە ساڵانێک منی ماچ کردووە. زۆرجار گازیشی لێگرتووم، من هەمیشە لە گازەکانی دەترسام. هەندێک کۆماوەتەوە و نێوان دوو برۆی دوو چاڵی قوڵ کەوتووە، ژێرچاوی هەڵکفاوە و لێوەکانی وشک بووە، سەر و سمێڵیشی بەتەواوەتی سپی بووە. بەڵام وەک جاران قاقای پێکەنینەکەی ماوە و لە گاڵتەو گەپی خۆی نەکەوتووە. ئیتر گسک لێنادا، ئێستا تویتا سوورەکەیشی فرۆشتووە. لە کۆڵانەکەی ئێمە کەس ماشێنی نییە جگە لە کاک موختار نەبێ. هەرکەسێ ئیشێکی ببێ خێرا بانگی لێدەکات. هەموو ژنە دووگیانەکانی کۆڵانی بە ماشێنەکەی بۆ نەخۆشخانە بردووە. هەموو منداڵەکانی کۆڵان بە ماشێنەکەی ئەو گەڕاونەتەوە بۆ ماڵ. دایکیشم دوایین جار ئەو بە ماشێنەکەی بۆ نەخۆشخانەی برد. دەمەو بەیانییەکی

زۆر سارد کە بەفری کۆڵانەکە تازە تواوبووەوە و چەند جێگەیەک هێشتا بەفری لێمابوو. دایکم ژان گرتبووی، سکی زیادە لە حەد بەرز ببووەوە، تەنانەت زۆر جار بە پارچەیەک هەڵیدەبەست و ئیشەکانی دەکرد. یەکێ لە منداڵەکان هاتبوو، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشابوو، پێی وابوو نەجاتی بووە، بەڵام دوکتۆرەکە گوتبووی: منداڵێکیتریشت پێیە. پێشتر خاتوو گەوهەری مامانیش پێی گوتبوو بەڵام بڕوای نەکردبوو، تەنانەت گوتبووی: هەردوو منداڵەکە کوڕن؛ دیسان بڕوای نەکردبوو. دایەگەورەیش ئاخر جار دووانەی ببوو، خاڵەکانم هێشتا نەگەیبوونە بیست ساڵ. ڕۆژێ بە دەنگی گریانی دایکم لە خەو ڕاچەنیم. سەرەتا وامزانی خەریکم خەو دەبینم بەڵام دیسان دەنگی گریانەکەی هاتەوە گوێم. ئەمجار چاوەکانم کردەوە، دایکم بینی لە سەر و قژی دەنەوێ، باوکم باوەشی پیا کردبوو. یەکێک لە خاڵەکانم مردبوو. خاڵم تاقەتی بەسەرچووبوو... تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ دەستیپێکردبوو، چیتر نەمدەویست بگەڕێمەوە بۆ قوتابخانە، تەواوی نومرەکانم خراپ ببوون. هەر دوێنێ شەو بوو خەریک بوو لە دەفتەرەکەما شێعری بۆ دەنووسیم. دەست و خەتێکی جوانی بوو، هەر کاتێ دەهات دەفتەرەکەم دەنا بەردەستی و بۆی دەنووسیم.

کۆتایی نووسراوەکانی واژو دەکرد و دەینووسی غەریب. تازەیی کچێکیان بۆ دەستگرتبوو. کچێکی لادێیی بوو، دایکی نەبوو. دەیانگوت: کاتێ کچەکە هێشتا یەک ساڵان دەبێ، تەرمی دایکی لە گەوڕی یەکێ لە ماڵەکانی ئاوایییا دەدۆزنەوە. زۆربەی خەڵک شایەتیان دەدا بوختانیان بۆ کردووە و ئەو ژنە داوێن پاک بووە. دەیانگوت: ڕۆژێ هاوڕێی مێردەکەی لە حەوشەکەیان دێتە دەر و خەڵکی ئاواییش دەیبینن. بەڵام ژنە سوێندی خواردبوو لە حەوشەکەوە بانگی لێکردووە تا هەواڵی مێردەکەی بزانێ. بەڵام ئاگای نەبووە کە چەن ڕۆژە مێردەکەی لە ماڵ نییە.

سەیری دوایین دەستخەتی خاڵم دەکەم. پێنج خولەک دواتر ئەویتریشیان لە دایک بوو، دایکم بۆ خاتوو مرواری دراوسێمانی دەگێڕێتەوە. من لەبەر دەرگاکە چاوەڕێی تویتاسوورەکە دەکەم. دەزانم ئێستا دایکم و براکانم دێنێتەوە. کاک موختار کاتێ چاوی بە من کەوت لە باوشی گرتم و ماچی کردم. دراوسێی دیواربەدیوارین. خاتوو مرواری هاوسەری، هەموو جارێ دێ بەدواما و دەمبا بۆ ماڵی خۆیان. دایکم سەرقاڵی براکانمە، خاتوو مرواری قژم دەگرێتەوە بە پەلکە و گوڵقژێکی سووریشم بۆ لێدەدا. دایکی مانگێکە مردووە، بە دایکم دەڵێ: دەترسم گرێکانی نێو مەمکم لە گرێکانی نێو مەمکی دایکم بچێت. دایکم دڵخۆشی دەداتەوە و دەڵێ مەترسە هیچ نییە. منداڵ بەکۆڵ ئەم سەراوسەری ماڵەکە دەکەم. دوکتۆر دەیگوت: نەسووتاوە بەڵام تا"کەی زۆر بەرز بووە دەبێ چەند ڕۆژێ لە نەخۆشخانە بخەوێ. دایکم دەیگوت: لە ژوورەکە نەیەیتە دەر تاکوو خاڵەخدرم دەڕوات. دەیانگوت: خاڵەخدر چاوی پیسە و نەزەر لە هەرکەس بکات بەڵایەکی بەسەرا دێت. دەیگوت: ساڵێ بە باوکتی گوتووە: ئەوەندە ئازای تا ساڵێکیتر ماڵیش دەکەیتەوە و ماشێنیش دەکڕی. بەڵام هەر ئەو ڕۆژە دەکەوێتە بەر تراکتۆر و باڵی دەشکێ، دەیگوت: ساڵێکی تەواو هاتۆچووی تاران و تەبرێزمان پێوە کرد. گوتی: نابێ منداڵەکان پێکەوە ببینێ، لە ژوورەکە بیگێڕە تا دەڕواتەوە. بەڵام ئەو هاتبوو تاکوو بمێنێتەوە. دەیانگوت: بووە بە چولەکەی بەهەشت، من نەمدەزانی چۆلەکەی بەهەشت یانێ چی. بەڵام دەمزانی کە ئیتر دایکم، براکەم بەکۆڵا نابەستێ. ئەویشیان کە هەموو کات هێمن بوو و نەدەگریا. کاک موختار ماچەکانی کەم کردبووەوە بەڵام بە پێچەوانەوە خاتوو مرواری زیاتر ماچی دەکردم. کاک موختار لە گەڵ خاتوو مرواری بۆ ماڵە نوێیەکەمان هاتبوون. سەیری باوکمی دەکرد و دەیگوت: دڵم پێوەیە ئێستایش ماچی بکەم. باوکم پێدەکەنێ و منیش زەردە دەمگرێت. خاتوو مرواری بە دایکم دەڵێ: دوو ساڵێک دەبێ کە نەمشۆردووە، مەبەستی سووری مانگانەیە. ئەو بۆ

هەمیشە سووری مانگانەی تەواو ببوو، دایکیشم دەڵێ: منیش تازە وێستاومەتەوە. هەردوو پێدەکەنن، دەڵێن: تازە پیر بووین. سەیری خاتوو مرواری دەکەم دەترسم نەمتوانیبێ زۆر منداڵیان بۆ بکەم...

✍ شەرمین ساڵحی




📷 Maik Hanikow

## "سەمای وێنا"

هێندە خووم بە بێدەنگی گرتووە ساڵانێکە هەر قەرەباڵغییە بێزارم دەکات. چاوم لەسەر درگا داخراوەکەی ژوورە پڕ لە بیرەوەرییەکەمدا وشک بووە؛ لە پڕ باوەشێ جەستەی بێڕۆح و لاوازم لە خۆ دەگرێ و نیگای هەراسانم لە درگاکە هەڵدەکەنێ. هاتووچوەکان دەڵێی تەواوبوونیان نییە یەکێ دێتو یەکێ دەڕوا. وادەزانن دەتوانن لە جێگە جێگەی ئەم خانووە پڕ یادگارییەمدا بیسڕنەوە. سەروقژی خۆڵەمێشی و ڕوومەتی گەشاوە و دەم بەپێکەنینی هەمووکاتێ لە بەر ڕۆشنایی پەنجەرەی سەرحەوشەکەدا بانگم لێدەکات، قەڵافەتی پیاوانەی وەک پەیکەرێ بە دیوارەکەوە هەڵپەسێردراوە؛ چاوەکانی بەڕوومدا دەبریسکێنەوە. هەوا ڕوو لە تاریکییە و من دەمەوێ بەزووترین کات خانووەکەم کپ و بێدەنگ بێت. دەمەوێ لە گەڵ کچەکەم بەتەنیا بم، دەمەوێ ئەمشەو تا درەنگان سەمام بۆ بکات و منیش لەبەردەمیا دانیشم و جارجارێ دەستێک بۆ پرچەئاڵۆزە لوولەکەی ببەم و دواتر خۆم بخزێنمە ژێر پەتووەکەی و چیرۆکی کچە قژ قاوەییەکەی بۆ بگێڕمەوە، تا ئەو کاتەی دەستە ساردە بچووکە ساف و سۆڵەکەی لە دەستما شل دەبێت و چاوە قەوییەکانی لێک دەنێ. خۆزگە هەر ئێستا هەموویان دەڕۆشتن، من دەمامەوە و کچەکەم و ژوورێکی پڕ لە بووکەڵەی ڕەنگاو ڕەنگی گەورە و بچووک. من دەمامەوە و موزیک و سەما و پێکەنینێک بە درێژایی شەو. دەمەوێ ئەمشەو چیرۆکێکی تازە بۆ وێنای کچم بگێڕمەوە. خێرا خۆم بە ژوورەکەیا دەکەم و شێتانە بەسەریا دەقیژێنم. کاوە بە کۆخەکۆخ دەکەوێ و لە هاڵەکەوە بانگم لێدەکات. وێنا بە چاوە بزۆزە قەوییە کاڵەکانیەوە نیگەران و ترساو لێم دەڕوانێ و ڕەنگی سپیتر هەڵدەگەڕێ. دەڵێم: دیسان لە گەڵ منداڵانی باخچە بەشەڕ هاتووی؟ مەگەر نەمگوت جارێکی دیکە لەو جۆرە یاریانە نەکەیت؟ وێنا پێڵوەکانی لێک نانێ و بێعۆقرە سەیری چاوانم دەکات. دەستەبچووکە هەمیشەساردەکەی لە دەستم دەگرم و لێوم لە سەر کوڵمە سوورە سفت و سۆڵەکەی دەخشێنم. شانەکە هەڵدەگرم و قژە لوولەکەی دادەهێنم. چاوانی دەبریسکێتەوە و بەڵێن دەدا جارێکیتر یاری وا نەکات. دەنگی موزیکە هەمیشەییەکە لە ژوورەکەدا بڵاو دەبێتەوە و وێنا لە سەر تەختەکەیا سەما دەکات و دامەنە چیندارە بەنەوشەییەکەی وەک بازنەیەک بەدەوریدا دەسووڕێنێتەوە. دەنگی تەقەی درگاکە دێت خێرا موزیکەکە دەبڕم و لە ژوورەکە دێمە دەر. کاوە لەبەر پەنجەرەی سەر حەوشەکە وێستاوە، بەرەو لای دەڕۆم. دەستی دێنێتە پێش، زگم بەتەواوەتی بەرز بۆتەوە، دەستی لەسەر زگم دادەنێ. دارپرتەقاڵەکانی حەوشەکە چاوم لێدادەگرن، خێرا بەرەو دارپرتەقاڵەکان دەڕوات، لە پشت پەنجەرەکەوە سەیری دەکەم دەستم بۆ ڕادەتەکێنێ و بزەی سەر لێوی

تەزووی لەشم لادەبات. کاوە بەچەند پرتەقاڵێکی گەورەوە دێتە ماڵەوە. گەرمی کولینەکە ساردی جەستەمان ڕاودەنێت. پرتەقاڵێ پێست دەگرێتەوە و تا لای دەمم دێنێ، لە پڕ دەکەومە پڕمەی پێکەنین؛ ئای ئای ئای چ هەستێکی خۆش و بلاوێنە. دەحەپەسێ و لە چاوانم ڕادەمێنێ. لێوم تا لای گوێی دەبەم و بە هێواشی دەڵێم: زگم دەجووڵێ! سەری دەخاتە سەر زگم و دەستی بە سەرا دەخشێنێ. هەناسەی گەرمی ڕوومەتم دەلاوێنێ. وێنا ڕقی کردووە و خۆی لە ژوورەکەی حەپس کردووە. دیسان بیانووی بووکەڵەیەکی تری گرتووە، بە تەواوی دەرک و دیواری ژوورەکە بووکەڵە هەڵواسراوە. تەنانەت بە بنمیچەکەیشا بووکەڵەی گەورە و بچووک بەردراوەتەوە. کاوە دەڵێ: نابێ هەموو داواکارییەکانی وێنا بەدی بێنین. دواڕۆژ لە پەیوەندییەکانیا تووشی کێشە دەبێت. عەڕنۆک و تووڕە، چاوەڕێی ئەوە دەکات بێ هیچ هەوڵ و تەقەلایەک بە هەموو داواکارییەکانی بگات. مۆڕی لێدەکەم و بەرەوژووری وێنا بەجێی دێڵم. لە باوەشی دەکەم و دەڵێم: کاتی گێڕانەوەی چیرۆکە پاڵکەوە تا چیرۆکەکەت بۆ بگێڕمەوە."یەکێ بوو یەکێ نەبوو، ژن و پیاوێک بوون کە منداڵیان نەدەبوو، دوای چەند ساڵ چاوەڕوانی کیژۆڵەیەکی جوانیان بوو. کیژۆڵە ڕوخساری بەوێنەی مانگ سپی و چاوانی ڕووناک و قەوی بوون. کیژۆڵە هەندێ جار پێدەکەنی و کولمەکانی سوور هەڵدەگەڕا، هەندێ جار دەگریا و چاوەقەوییەکانی دادەخست، بەڵام زۆربەی کاتەکان دایکی لە بەردەمیا دادەنیشت و ئەویش بە دامەنە چیندارە بەنەوشەییەکەیەوە سەمای بۆ دەکرد. کاتێ سەمای دەکرد تەواوی گوڵەبەنەوشەییەکانی سەر دامەنەکەی وەجووڵە دەکەوتن. دایکی هەموو ڕۆژێ قژە قاوەییە لولدراوەکەی دادەهێنا و بەسەر شان و ملیا بڵاوی دەکردەوە. ڕۆژێ ژنەکە لە کیژۆڵە تووڕە دەبێ چونکا بەقسەی نەکردبوو، هەربۆیە بەڕقا کەوتبوو، ئیتر نە پێدەکەنی و نە سەمایشی بۆ دەکرد. تەنیا دەگریا، ئەوەندە گریابوو کە هەموو بوکەڵەکانی ژوورەکەیشی وەگریان خستبوو. لەوکاتەدا دایکی لە ژوورەکە دەڕواتە دەرەوە و پاش ماوەیەک دەگەڕێتەوە. ملوانکەیەکی مرواری جوان لە گەردنی کیژۆڵە قژ قاوەییەکە هەڵدەواسێ..." وێنا خەو بردوویەتەوە، پەتووەکەی پێدادەدەم و گڵۆپەکەی لێ دەکوژێنمەو. دوایین بەختمان تاقی دەکەینەوە، دکتۆرەکە جوابی کردووین. چەندین کاتژمێرە لە شەقامەکاندا دەسووڕێینەوە. دەڵێم: دونیا کۆتایی پێنەهاتووە و ژیان بەردەوام لە هەڵسووڕاندایە. بەبێ منداڵیش...بوغز گەرووم دەگووشێ، داوام لێدەکات بۆ هەمیشە بڕۆم. بەڵام دەڵێم بێ تۆ...هاوار دەکات قیڕەی تا ئەو بەر شەقامەکە دەڕوات، خەڵکەکە سەرسام لێمان دەڕوانن، ئەو دەڕوا و منیش بەدوایدا دەکەوم. وڵامم ناداتەوە، شەرم پێدەگێڕێ، دەرم دەکات. لە بەردەمیا دادەنیشم. سەری هەڵدبڕێ و بەشەرمەوە سەیرم دەکات. دەڵێ: هەردوو پێوستمان بە سەفەرە. شەقام بە شەقام دەسووڕێینەوە. دووکانەکان و فرۆشگاکان دەگەڕێین. دووکانی بووکەڵەفرۆشییەک سەرنجم ڕادەکێشێ. دەم و چاوم بە شیشەی ویترینەکەوە

نووساندووە، خەڵکانێک سەرسوورڕهێنەرانە لێم دەڕوانن. بووکەڵەکە پەلکێشم دەکات بۆ نێو دووکانەکە. دەڵێم کاوە، ئەو بووکەڵە قژ قاوەییەم دەوێ. لە کیژۆڵەیەک دەچێ کە ساڵەهایە لە نێو خەونەکانمدا دەیبینم. کیژۆڵەیەک بە قژی قاوەیی لوولدراو و چاوانی ڕووناک و قەوی، بە دامەنێکی کورتی چیندار کە تا سەر ئەژنۆی دێت. دووکاندارەکە دەڵێ: بە سێ شێواز کۆک دەکرێت دەتوانێ بگری، پێبکەنێ و سەما بکات. دەڵێم: دەمەوێ، من ئەو بووکەڵەیەم دەوێ! ناوی دەنێم "وێنا". من و وێنا شەوانە تا درەنگان بەخەبەرین. من چیرۆکی بۆ دەگێڕمەوە و ئەویش لە سەر تەختەکەی سەمام بۆ دەکات. وێنام لە باوەش گرتووە، کاوە هێڵنج دەدات. دەڵێ: دەرمانەکانی ئەمجار زۆر تاڵن، جەرگ و دڵم دەشێوێنێ. هەست دەکەم هەردوو مەمکم سفت بووە و کراسەکەم تەڕبووە، شیرم لێدەڕوات. بیستبووم کەسانێک بە هۆی ڕەحم و بەزەیی لە ڕادەبەدەریان شیر دێتە مەمکیانەوە بەڵام پێم وانەبوو بۆ بووکەڵەیەک شیرم تێهاتبێت. وێنا پێدەکەنێ، دەستە سارد و سڕەکەی دەگوشم. میوانەکان دوایین سەرەخۆشییم پێ دەڵێن و ماڵئاواییم لێ دەکەن. وێنەکەی کاوەم لە باوەشدایە و سەیری دارپرتەقاڵەکانی حەوشەکە دەکەم.

✍ شەرمین ساڵحی




Klara

## شا هەڵات"

چاوم تازە لە بیرەخەو ڕا چووبوو؛ بە دەنگی بڵیندگۆی وردەواڵەفرۆشەکە وەخەبەر هاتم. هەستام پەنجەرەکەم پێوەدا.

چاوێکم لێداگرت. زمانێکی لێدەرێنام و چەمۆڵەیەکی لێنام. خۆمان بە پشتی ماشێنی وردەواڵەفرۆشەکە هەڵواسیبوو؛ ماشێنەکەی ڕاگرت و ڕەپێمان کەوت. دیسان چاوم لەسەر یەک دانا. لە حاست کێلەکەی دا، گوتم: گەورەم، دیوارەکانی ماڵەکەم بە وێنەی تۆوە، هەڵواسیوە. جارێکی دی خۆمان بە پشتی ماشێنی وردەواڵەفرۆشەکەوە هەڵواسی. لە دەستەندازێک سۆران بەربۆوە. دەستم بەردا و سۆرانم هەڵگرتەوە.

برۆکانی هەڵگرتبوو. وەک کاتی ڕەپێنانی وردەواڵەفرۆشەکە چاوێکم لێ داگرت. ئەو جار چەمۆڵەی لێنەنام. بزەیەکی هاتێ و گوتی...

بەدیار کێلەکەیەوە خەوم لێکەوت. لە خەونم دا لە من وابوو؛ وردەواڵەفرۆشێکی عەجەم، نانا چەرچییەکی عەجەم، بە کوردییەکی سەقەت هەرای دەکرد: شووتی، پووتی، کیلۆی دوو تمەن. من چاو لە کچێکی جوانی تەمەن دوازدەساڵە دادەگرم، ئەویش زمانم لێ دەردێنێ. پیاوەکان قەند و ڕۆن بە کۆپین وەردەگرن. گەورەم لەسەر کێوێکی بڵیند وانەی ڕزگاری دەڵێتەوە. حاجی حەمزە بە پووڵی شیربایی شیرین، فەرشێک بۆ مزگەوت دەکڕێ. با دوو تای پەنجەرەکە لێک دەدا و لەسەر کێڵەکە وەخەبەر دێم.

ئازای ئەندامم داهێزراوە؛ هەر چۆنێک بوو؛ هەستامە سەرپێ. دیسان پەنجەرەکە پێوەدەم. لە دیمەنی پەنجەرەوە وێنەی پیاوێکی تەمەن چڵوپێنج ساڵە دەبینم لە سەر مەزارێکی وڵاتێکی نامۆ دانیشتووە و خەونوچکە دەیباتەوە. لە خەونی دا، بابەکان قەند و ڕۆنی کۆپین وەردەگرن؛ دایکەکان لە سەفی نانوەرگرتن دان و هیچ نەوتێکیش لەسەر سفرە نییە.

سەرێکی ئینتێرنێت دەدەم؛ کوڕێکی دمڕووتی تازەپێگەیشتوو لە ژوورێک بەتەنیا، خەونی خۆشی داهاتووی دەبینێ و بیر لە ئاکامی خۆشی چاوداگرتنەکەی دەکا کە کچەکە گوتی: بە بینینت خۆشحاڵم. لە خەونی دا قەیرەکوڕێکی هەندەران لەسەر مەزارێک، خەونی وردەواڵەفرۆشێک دەبینێ کە خەوی کوڕێکی تاسەبار، دەڕەوێنی.

✍ بیژەن ڕەحمانی



Alan Shapiro

"Landelijk_Cafe"

سویچی ئوتۆمبێلەکەم هەڵدەگرم و بە قاڵدرمەدا دێمە خوار. لەگەڵ ئەوەی دەرگای دەکەمەوە تەزوویەکی سارد دەم‌وچاوم ماچ دەکات. بەقورم گرت یارەبی ئێرە هەمیشەی خودای هەر ساردە، هاوین و زستانی نازانێ.

"بەقورم گرت یارەبی، پیاو نازانێ ڕوو دە چ لایەکی بکات، هەرچی دەستی بۆ دەبەی سەرناگرێ و بەدەستەوەت نایەت. ساڵ دوازدەی مانگێ نان سوارە و ئەمنیش پیادە. نایگەمێ نا..."

دەرگای ئوتۆمبێلەکەم دەکەمەوە و سوار دەبم. شەقام وەک هەمیشە چۆل و پاک و خاوێنە. ڕیزەدارەکان ئەم‌بەروئەوبەری شەقامیان گرتووە. دیمەنەکە دەڵەی وێنەی ناو کارت پۆستاڵەکانە. دەنکە دەنکە چرای ئەو ماڵانەی هەموو لەیەک دەچن هەڵکراوە و هەر بەوەش دەزانی زیندەواری تێدا دەژی.

ئوتۆمبێلەکەم هەڵدەکەم و وەڕێ دەکەوم. دەرەوە هەر بێدەنگە و ناو ئوتۆمبێلەکەشم هەر بێدەنگ. ئەو بێدەنگییە جاڕز و تووڕەم دەکات. دوگمەی زەفتەکە دادەگرم و هەڵیدەکەم.

"خوایە وەتەن ئاواکەی چەن دڵگیر و شیرینە

دەشتی خۆش و ڕەنگینە ئاوی کەوسەرە خاکی گەوهەرە

پڕ لە گوڵ و نەسرینە..."

"ئەوە چییە بۆت نووسیوم؟ لە ڕەگی قونێت بەڵەدم هەتیوە خوێڕییە. تەواو لێت حاڵیم، وا بیرنەکەیەوە نازانم ها. هەر دەمهەوێ بۆخۆت وە قسە بێی. وە قسەش نەیەی ڕێی چاک دەزانم وەک بوولبوول پێت بخوێنم. جا عاقڵبە و بۆخۆت بڵێ. خۆ دەزانم کوڕی چاکی و بیر لە داهاتووی خۆت دەکەیەوە. ماڵ وێران چت بەو بەزم و ڕەزمەی داوە. سەرهێشەی بۆ بۆخۆت و بنەماڵەکەت سازدەکەی. ئەوەتا ئەو دایکە بەستە زمانەت هەموو ڕۆژێ لە کەری بەیانییەوە دێت و بەردەرکەی ئێرە دەگرێ. بیر لەو شتانە بکەوە. خۆت نەجات دەوە بچووە دەر و وەدووی کار و کاسپی‌یەکی کەوە و نانێکی بۆ ئەو دایک و خوشکە بەستەزمانەت پەیداکە. بێت و ئەوەی ئەمن دەڵێم بیکەی بەڵێنت پێ‌دەدەم یارمەتیت دەم و کاروکاسپی‌یەکی باشیشت بۆ بدۆزمەوە. ها ئەوەش قەڵەم و کاغەز."

بریسکەیەک بە پشتم دادێ. ئەو دوو مۆرەیەی پشتم حەجمینیان لێ هەڵگرتووم. دوای پازدە ساڵ و ئەو هەمووە داودەرمان و دووکتۆرە هیچ لە باشێ نیم و هەر دەڵەی ڕۆژی یەکەمە.

"ڕۆڵە بۆ داناسەکنێی. بۆ حەجمینت نییە. باشە ئەتۆ هەر تەمبێ نەبووی. کوڕە ئەو

خودا و پێغەمبەرم هێنایە تکایە ڕۆڵە، ئێمە بێ تۆ چ بکەین. شێت دەبم شێت." دایکم گریا.

"دایە ناتوانم دەست هەڵگرم. قەت داوای ئەوەم لێ مەکە. ئاخر چۆن دەڵەی بیر لەم شتانە مەکەوە. مەگەر دەبێ؟"

لە لای مام خدر دانیشتبووین و چای تازەی بۆ دانابووین. متەق نە لە من و نە لە ڕێبازی نەدەهات. چایەکەمان دانابوو.

" دەزانی چییە هاوڕێ گیان! وەک بۆخۆت دەڵێی نان سوارە و ئێمەش پیادە. ئەوەتا ڕێی کاسپێشمان لێ بەستراوە و ئەوەی دیکەش کە هەر بووەتە باسیسەر. سەعدی جوان دەڵێ: سعدیا حب وطن گرچه حدیثیست عزیز نتوان زیست به ذلت که من اینجا زاده‌م"

ڕێباز ئەوە دەڵەی چی؟ ئەمن گوێم بەم قسانە نابزوێ نا. جا چۆن ئەمن ئێرە بەجێ دێڵم؟"

تابڵۆی سەر جاددە وەهۆش خۆم دێنێتەوە. " Gartz 5km" سێ خولەکم ماوە بگەمە جێ. دوور و نزیکی شوێنی کارەکەم تابڵۆ لەسەر شەقام دراوە. تابڵۆکەم لێ وەدەر دەکەوێ: "Landelijk Café". وەک هەمیشە سەگەکەم لە ژێر تابڵۆکە چاوەڕوانمە.

✍ هیوا بەیرامی



📷 Pierre Cakie

"سنوور"

کەمێک بوو یارییەکە دەستی پێکردبوو. وەک هەمیشە لەدەرەوە دانیشتم، سەیری یاریەکەم دەکرد. تەمەنی من هی ئەوە نییە، لە ژوورەوە لە ناو دوکەڵی نێرگەلە و جگەرە دابنیشم.

لە دەرەوە بانگی خاوەنی چایخانەکەم کرد، چاییەک بنێرێت.

ـ فەرموو، چاییەکەت

ـ دەستت خۆش، دەمێکە یارییەکە دەستی پێکردووە؟

ـ نا کەمێکە. پێت خۆشە عێراق بیباتەوە یان ئێران

ـ چێژ لە دۆڕانی هەردووکیان دەبینم

چاییەکەی دانا و ڕۆیشت، منیش لە یارییەکە ورد ببوومەوە. منداڵێک بە خێرای بەبەردەمم ڕایکرد؛

ـ سنوور ... سنوور، وریایی خۆت بە بەردەبییەوە

باوکێک بوو، بانگی کچەکەی بچووکەکەی دەکرد.

زۆر سەیر پەشۆکام، وەک بڵێی ئەو ناوە لە دەمی من دەر دەچێت. وەک ئەوەی بەدەنگێکی بەرز هاوار بکەم.

پیاڵە چاییەکەم لەسەر مێزی بەردەمم دانا، ترسام لەبەر لەرزینی دەستم، پیاڵەکە لەدەستم بخزێنێت و بەربێتەوە.

ماوەییەکی زۆری بەسەر تێپەڕیووە، نازانم ئەم مچورکەی بەگیانم داهات چی بوو؟

دواین جار کە بەیەکەوە دانیشتین، لە نەخۆشخانەیەی کەمپەکە بوو. لێم دەرووانی بەشێووەیەک کە بمەوێ خانە بە خانەی لەشی لەناو خەیاڵم دا لەبەر بگرمەوە.

ـ سەیری چی دەکەی؟

ـ خاڵی ڕووت

زەردەخەنەیەکی کرد و سەری پەنجەی لەسەر دانا؛

ـ ناشیرنە؟!

ـ نا. دەڵێی منم لە سەحرای ڕووت بەجێماوم

پەرچەمی بەسەر ڕوومەتی دا شۆڕکردوە؛

ـ کەواتە، ئەو مارانە دەنێرمە گیانی قوتی دەن

بەم دیمەنە پێدەکەنین، لە ناکاو سنوور بێدەنگ بوو.

گووتی: سبەی نات بینمەوە؟

گوتم: بەیانی زوو دەردەچم. ئەوە چەند مانگێکە ئێمە لە ڕۆژ هەڵاتین، حکومەتی ئێران وەک ئاوارە چاومان لێدەکا. دوای ئەم ڕاپەڕینە بەڵکی حکومەتی عێراق ڕێگە بە (ئۆتۆنۆمی) بدات کەمێک سەربەست بین.

سەری داخست و منیش بێدەنگ مامەوە، نەمان دەویست ئەو شەوەمان بەوشێوەیە تێپەڕێت.

هۆگری یەکتر ببووین، کەچی دەبوو لە یەکتری دابڕێین.

چەند مانگێک بوو، لە نەخۆشخانە بەیەکەوە کارمان دەکرد. سنوور وەک پەرستار لەگەڵ تیمی دکتۆرە فارسەکان بوو، منیش وەک خۆبەخش لە کارم لەگەڵ دەکردن.

سنور کەلووپەلەکانی کۆکردەوە، تاکوو بڕوات.

پێم گووت: بێ ماڵاوای دەڕۆیت؟

گووتی: نامەوێ ماڵاوای بکەم.

ئاهێکی هەڵکێشاو وردە وردە هەنگاوی دەنا، کە گەیشتە لای دەگا، ئاوڕێکی دایەوە و گوتی: ئەرێ سەرەتای یەکتر ناسینمان، ڕۆژێک پێت گوتم؛ ناوەکەت زۆر خۆشە. دێڕێکی هێمنت زۆر دەخوێندەوە، چی بوو؟

ـ "تۆی لە من ون کرد و منی لە تۆ دوور

ئەو بستۆکەی دوژمن ناوی نا سنوور"

✍ جێگر بەختیار




Alvaro A. Novo

## "مەرگە، ژی"

تووند توونده به سنگیەوه نووساندبوو.

تاویَ پێئەکەنی و ئەیگوت : ئۆخەیش!

تاویَ ئەگریا و ئەیگوت :حەیف !

لە پڕا قیژاندی: بڕۆن.. بڕۆن بانگی هەموویان کەن، با بێن و بیبینن، با بزانن کاتێ قاقایان دەکێشا و ئەیانگوت :"درۆ ئەکا. ئەوە پەڕۆوپاڵە لە خۆی هاڵاندووە ."

با بزانن پەڕۆوپاڵ نەبووە و ... خواردنیان بۆ وەمێنێ.

دایک پەرێشان و چاو پڕ فرمێسک هەر ئەیگوت : دایکت بمرێ ڕۆڵە!

ترس ڕۆنیشتە چاوی باوکیەوە.

ئەمە سێ ڕۆژە ئێمە لەبەری ئەپاڕێینەوە، کەچی بۆمان ڕازی نابێ.

- چی بکەین ژنەکە ؟

خەریکە بۆن ئەکا .

هەر حەیاشمان ئەچێ.سەرەڕای هەموو دەرد و مەینەتێک، ناو ناتۆرەی شێتیشی دوا ئەخەن!

- باشە پیاوەکە! با ئەمشەو لە ئامێزیا بێت،بەیانی کۆتایی پێدێنین.

تا درەنگانێ، دەنگی لاواندنەوە و لای لایەی نەیهێشت کەس خەوی لێبکەوێ.

چێشتەنگاو بوو، دایکی چووە ژوور سەری و چەند جار بانگی کرد

- کچم هەستە، خەسوو و خەزوورت هاتوون. متەق لە دار و بەردەوە هات، لەوەوە نەهات. ناچار بە دەست ڕایتڵەکاند. هیچ فایدەی نەبوو.بەرەولای خۆی وەریگێڕایەوە. سەری سوورڕما. هێور هێور چاوەکانی لێکنابوو، بزەیەکی شیرین ڕۆخساری وەک شەمایلی حەزرەتی مریەم دەنواند کە کۆرپەڵەکەی لە ئامێز گرتووە و چۆتە خەوێکی قووڵەوە.

✍ حمێرا محەممەد ئەمینی




Rhett Morita

## "بووکێنی"

ڕسق وڕۆزی بە بەفرەوەیە و، من نامهەوێ بڕژێتە عەرز. هەر هوو هوومە، ناتوێتەوە و، ئەمن شەرم لە چاوی چۆلەکەکان ئەکەم. لە سەرشۆڕی ڕەنگەکان. ئازار ئاوا خۆشەوییستە!، لۆکە ئاوا سەر دەبڕێت، حەز مەیلی خنکان ئەکات. سەری منیش سپی بووە. کێوەکان ئیتر لە چاو نادەن، منیش لە مناڵیم ئەگەڕێم، بە کۆڵێک عەقڵەوە. ڕۆزی لە چرکە میزەی بەفر دایە و، عەقڵ وا درەنگ گوڵ ئەکات، بۆیە عەداڵەت!، دەبێ ئێستا شووی کردبێت. هەرچی بەشوو چێت داگیر ئەبێت. شوو ڕابردوو دەشواتەوە و، وەک شەو هەرچی هەیە دایئەپۆشێت.

منیش لەگەڵ یەکەم تاڵی قژی سپی، کوتم بەڵێ و، مارە کرام.

✍ ڕەحمان جەنگ



📷 Vitalii Atamaniuk

## "خەون و خوێن"

کاتێک خەبەرم بووەوە، تاریک و ڕوونی بەیانی بوو. هێدفۆنەکانم هێشتا لە گوێدا مابوون. چیرۆکەکە گەیشتبووە هەڵقەی سی و حەوت. لە حەڵقەی بیست و یەکەوە خەوم لێ کەوتبوو. دەستم بۆ دم و ددانم برد. ددانەکانم لەسەر جێی خۆیان بوون. کەواتە ئەوە خەون بوو؟ قۆشەنەکەمان لە خەوی شیرن دابوو. قەڕاوڵەکانیش خەویان لێ کەوتبوو. هەستم بە سرت و خورتێک کرد. هەتا هاتم یەکێک وەخەبەر بێنم، هێرشیان کردە سەرمان. دیابوو شەبیخوونیان لێ دابووین. شمشێرەکەم ڕاکێشا و تا خۆم گەیاندە ئەسپەکەم کۆمەڵێک سەربازی زەربەم وەشاند. هەرکە ویستم خۆم هەڵدەمە سەر ئەسپەکەم ڕمێک لە شەویلکەم کەوت و هەموو ددانەکانم ڕژانە نێو زارمەوە.

کاتێک خەبەرم بووەوە، سەعات یازدە و نیو-وی شەوێ بوو. کتێبەکە لە دەستم بەر ببووەوە. کە هەڵمگرتەوە و لاپەڕەی چل و شەش-چل و حەوتم هەڵداوە باسی لەسەر ئەسپ بەربوونەوەکەمی تێدا نەبوو. دیارە ئەو بەشە خەون بووە چووەتە نێو چیرۆکەکەوە. کاتێک خەبەرم بووەوە، سەعات دوو و چل دەقەی نیوەڕۆ بوو. فیلمەکە تەواو ببوو و بەرنامەیەکی دێکۆمنتاری زیندەوەر ناسی دەستی پێ کردبوو. سەیری قولاپەی لاقم کرد، جێ ددانی مار بوو. باش بوو ژانی پێوەدانەکەی وەئاگای هێنابووم، دەنا لەخەودا دەمردم. خەنجەرەکەم دەرهێنا و زاری برینەکەم کردەوە، تا توانیم سەرەوەی قولاپەی لاقم داماڵی و خوێنم لە خۆم هێنا، ئینجا بە قامچیی ئێسترەکەم سەرەوەی برینەکەم توند توند بەست. خودا ڕەحمی کرد زەردەچێوەم پێ بوو. دیارە "چەرچی" زەردەچێوەی پێ نەبێ سەیرە!

کاتێک خەبەرم بووەوە، نەمزانی سەعات چەندە. ژووری تاکەکەسی، گرتووخانە سەعات؟ دەستم لە گەڵ و گونم دا، باش بوو پێوەمابوو. دەبێ بڕین و لێکردنەوەکەی خەون بووبێ!

کاتێک خەبەرم بووەوە، هاوسەرم دەستی لە ملم کردبوو. لەترسی ئەوەی بەو بەدخەوییەی خەبەری بێتەوە، نەم وێرا چراکە هەڵکەم؛ بۆیە نەمزانی سەعات چەندە، ئەوەندە دەزانم هێشتا چاو چاوی نەدەدیت. بەخۆم دەگوت تۆ بڵێی هاوسەرەکەم بەڕاستی هەوڵی خنکانی منی نەدابێ و دواتر وای زانیبێت کە من خنکاوم و پەشیمان بووەتەوە و دەستی لە ملم کردووە و تا خەوی لێ کەوتووە گریابێ؟ یان خەون بوو خنکاندمی؟

کاتێک خەبەرم بووەوە، شەیتانی ببووم، موبایلەکەم لەسەر سینگمەوە، کەوتبووە سەر عەرزی. سەعات سێی شەوێ بوو. باش بوو هاوسەرەکەم نەهاتبووە ئەودیو بڵێ: "ئەوە هێشتا

نەخەوتووی؟ چییە دیسان چیرۆکت هاتووە؟" دوایی موبایلەکەم هەڵگرێتەوە و بەسەر ئەنیستاگرامەکەم دابکەوێ و ئەو هەموو قوونە ببینێ!

کاتێک خەبەرم بووەوە، تاریک و ڕوونی بەیانی بوو. کە سەیری موبایلەکەم کرد، هەر ئەو چەند پاراگرافەم نووسیبوو. کەواتە ئەوە لە خەون دا ئەو پاراگرافە خاڵبەندیانەم لێک گرێ دابووەوە و وتارەکەم پێ ساغ کردبوونەوە. بەڕاستی وتاری چاک بوو، حەیف تازە پێم نانووسرێ، چوونکە خوێندەواریم نییە، ئەگەر بابی منیش لە بنەماڵەی دەربارییەکان و سەرۆک قۆشەنەکان بوایە و منی وەبەر خوێندن نابوایە، ئێستا دەمتوانی ئەو وتارە ناوازەیە لەسەر لەوحی گڵی بنووسم، کەوا پێوەندیی هەیە بە خەون و خوێنەوە؛ ئەوەی، ئەگەر لەم سەردەمەدا تۆ لە خەونت دا ددانت شکابوو، ئەوە یانی ئەژدادە گەورەت لە شەڕێک دا ددانی شکاوە و دوایی خۆی هەڵداوەتە سەر پشتی ئەسپەکەی و ڕزگاری بووە و دواترەکەی خوێنی ددانە شکاوەکانی ئەو پشت بە پشت بۆ تۆ گوازراوەتەوە و، ئەو خەونە وەبیر هێنەرەوەی ناڕاستەوخۆی ئەو هەڵاتنە ترسەنۆکانەیە کە ئەژدادەگەورەت لە هەزاران ساڵ لەوەپێش ملی بۆ داوە؛ بەڵام بە حیسابی ئەمرۆلەمێژوودا.

**✍ ناسر فەتحی**



📷 Marius Ribitzki

## ئاواتی سەرەونگووم"

لاپەڕەی ١٩١ی کتێبەکەم هەڵداوەتەوە، خاوبیر کریمێنت لە زمانی ژنێکەوە دەگێڕێتەوە «ئەو کاتە زانیم ئەوین لە ژیانم تەریک بووە لە وەختی ماچکردندا سیگارەکەی لە لێو نەدەکردەوە»

دەستی لە ژێر مێزی نان خواردنەکەیە، دەزانم شتێکی پێیە، چاوی لە چاوم بڕیوە،

لە کوێوە بێرە گەیشتم! چۆن قسمەت و چارەنووس وا بەهێز هەموو ڕێگەی ژیان دەگۆڕێ و دەتخاتە دۆخێکەوە بە خەونیش لە گەڵی تێکەڵ نەبووی!؟

چاوم زەقە، نازانم چیە! چاوەڕێین کابرا بێت و نانەکەمان بۆ دانێ، لە گەڵ دەستی ئەوەی پێیەتی دێنە سەر مێزەکە، تاسێک بە سەرم دا دێ!

لە نێو جێگەوبانی سوور و سپیم دام ، فرمێسکەکانم دەشارمەوە،بە بۆنێکی پیس و نامۆوە ماچم دەکا..

لە شەونشینی لە ڕێڕەوەی بەر دەم دیوی ئاواتی خاڵی ڕاوەستاوم، دەنگ و بۆنی قێزەون وناخۆش دێ! بەرەو ماڵێ، ئەو ماشێن لێدەخورێ، من مەراق دەخۆم.. بۆ جاریوایە دێوەلووکەیەکت لێ دەبێ بە فریشتە، پێت وایە دێت و لە سەر دوو باڵی سپی هەڵتدەگرێ ودەتبا تا شاری ئاواتەکانت و لەوێ نیشتەجێت دەکا!؟

دەست بە پرچمدا دێنێ، بۆچڕی دەستی بەربینگم دەگرێ...

ئەوشەوەی لە گەڵ ڕۆژ بوونەوە، مام و پوورم بە هەڵەداوان گەیشتنە سەرمان ، هەشت ڕۆژی دیکە دەگوێزرێمەوە، لە خەوێکی قووڵ و ئاڵۆز دام، لیباسی سپی بووکێنی لە بەر دا، تارای سوور بەسەرەوە، لە خەملخانە دێمە دەرێ، ماشینێکی بۆرچیل بە گوڵی سوورەوە چاوەڕێمە، سوار دەبم، دڵم زۆر خۆشە، فڕم بە دنیاوە نییە، تەواو ڕێ نەکەوتووە، دەکەومە سەر هەورێکی ڕەش و لێڵ! باسەر بەم لاو لامان دا دەبا، لە پڕ لە سەر فوودانەم و سەرەونخوون دەبم، بە شێواوی وەخەبەر دێم، شوکر ...

دەسگیرانەکەم هەمدیس وەک ڕۆژان دێ، نە دڵی خۆم نە حەولی ئەو ڕازی بە ڕوو تێکردنیم ناکا، پوور و مام و باوک و دایک و برا و... بەو باوەڕەیان گەیاندووم بۆ من نابێ، ڕەش داگیرسابوو! هەر قورئان و سوێندن دێن و دەچن هەر ئەم و ئەون دێنە تکا، هەموو شتەکان تێکەڵ دەبن، هەر کەس لە بیری هێز و بڕەوی قسەی خۆیدایە!

لە ماڵی کاک سوارە لە شارێکی دیکەش!!

تا بەیانی بەزم و ڕەزم و قسەی هەڵیت و پەڵیت دەکا، کانیا شەش ساڵە، لە بابی دەپاڕێتەوە کایەی لە گەڵ بکا، ئەو گۆرانی دەڵێ و هەڵدەپەڕێ، کانیا لە باوشم دا بە

ماتی دانیشتووە، دەڵێ «دایە! بابم شێت بووە»

لە گەڵ هاوڕێکانی دیسان لە دیوی کتێبەکانمن، دەنگ دەنگ و بۆگنتک دێ، دەترسم نیوەشەوێک ئەوانیشم لێ مەست و یاغی بن..

ڕایاندەگوێزم...

✍ **چنوور ناسری**



📷 Meg Yohn

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتاننەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگڕامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکۆڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکۆڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!
٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاراگرافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌̆◌̄ ◌̄ ◌́◌́ ◌̄,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = ٭]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) بیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"
ئاوا هەڵەیە:

گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆێڕا، کۆوا، کۆێ، کۆێم... ئاوا درووستن: [کوێڕا، کوا، کوێ، کوێم...]

٩ ـ ئاهـ یش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اە [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبوڕە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،
١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرج بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.

تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# بەتام چیرۆک

**▪ شاهڕووخ فەیزنژاد:**

ئەڵێن کابرایەکی فەقیرحاڵی نوێژ و ڕۆژوو درووستی دڵپاک بە ناوی مام فەرەج، هەموو ڕۆژێک ڕوو لە خودا دەکا و لێی دەپاڕێتەوە و پەنای بۆ دەبا کە ڕەونەق بداتە کار و کاسپییەکەی و لەو فەقیرییە نەجاتی بێ. کەچی ڕۆژێک لە ڕۆژان تووشی زەرەڕێکی باش ئەبێ و دەستمایەکەیشی لەکیس ئەچێ. کابرا زۆری ئێش پێ ئەگا و ڕوو لە خودا دەکا و دەڵێ: سوێند بە جەلالی خۆت، ئێتر قەت داوای هیچت لێ ناکەم، بەڵام تۆش کارت بە من ئەبێ. ئەگەر بەقسەتم کرد، ناپیاو بم. کابرا لەتاو فەقیری عەبداڵ ئەبێ و دێ بە دێ و شار بە شار بە سەرانەوە ئەگەڕێ و هەر ژەمێک و هەر شەوێک لە ماڵێک مەنزڵ ئەکا. ڕۆژی جومعەیەک لە دێیەکی چکۆلە دەمێنێتەوە و بەر لە بانگی نیوەڕۆ، دوو پیاووی نێودێ، درگای ماڵەکە لێ دەدەن و دەڵێن: مام فەرەج لەگەڵمان وەرە بۆ نوێژی جومعە. ئەوە سێ جومعەیە نوێژمان ئەفەوتێ و تەنیا یەک کەسمان کەمە و جومعەمان لێ تەواو نابێ. پیاوەتی بکە زوو وەخۆ کەوە با بڕۆین بۆ مزگەوت. مام فەرەج ئەڵێ: باشە باش ئەگەر من نەیەم جومعە نابێ؟

ئەڵێن: نەوەڵڵا...

مام فەرەج سەر بەرز ئەکاتەوە ڕوو لە خودا دەکا و ئەڵێ: نەموت حوایجت تێم ئەکەوێ؟! نەموت تۆیش کارت بە من ئەبێ؟! وەڵڵا نایەم.... قەسەم بە گەورەییت نایەم.... وەڵڵاهی وەبیللاهی نایەم. هەرچی خوار و ژووری لێ ئەگرن مام فەرەج ناچێ بۆ جومعە و ئەڵێ: با خوداش بزانێ دڵشکاندن تامی چۆنە!

## ▪ جەلال میراوەیی:

کابرایەک لەگەڵ ژنەکەی لەسەر کاری شەرعی دمەقاڵەیان لێ پەیدا دەبێ. ژنە دەڵێ: بەخودای تامی لێ ناکەی!

کابراش قەڵس دەبێ و دەڵێ: هەرسێک تەلاقم کەوێ تا وەک پشیلە نەڵێی میاو سەرجێگات ناکەم!

دوای حەوتویەک هیچ باس نابێ. پازدە ڕۆژی پێ دەچێ هەر هیچ باسێک لە میاو کردن نابێ. پیاوەش زۆری تین بۆ دێ، دەڵێ: ئێستا ئەو گوویە چ بوو خواردم؟! دەگا بە بیست و یەک ڕۆژ، ئەوجار ژنەکەی تینی بۆ دێ. لەناکاو ژنە بە سەبر و ئاسپایی دەڵێ: میییییاوووو!

پیاوەش دەڵێ: کوڕە سەد جار میاو!

## ▪ ت.ق ـ مەهاباد:

دەگێڕنەوە: چەند کەسێک دەیانهەوێ "شێخ ڕەزا تاڵەبانی" سووک کەن و هەر بەو مەبەستە کوڕێکی گەنج فێر دەکەن کە لای قازی شکایەتی لێ بکا و بڵێ داوای گانی لێ کردووە! گەنجەکەش شکایەتی لای قازی لێ کردبوو. قازی ناردی بەدوای شێخ ڕەزادا و پێی کوت: شێخ ڕەزا! ئەم کوڕە دەڵێ شێخ ڕەزا پەلاماری داوم تا ئەتکم کا و منیش بەزۆری لەبن دەستی هەڵاتووم، ڕاست دەکا؟!

شێخ ڕەزا لە وەڵامدا دەڵێ: بۆ ئەوەی کە پەلامارم داوە ڕاست دەکا، بەڵام بۆ ئەوەی کە لە دەستم دەرچووە و هەڵاتووە درۆ دەکا، بەخوا نەمهێشت دەرچێ!

### ▪ سلاح مۆڕتەزا:

لەو دێهاتی لاجانی سەر بە خانێ، کوڕێک کوتی: بابە! کانیاوی مەزراکەمان یەک ئامێز ئاو دێنێ.

- ڕۆڵە، بەبیری من قەتی نەبووە.

- بە خودای زۆرە، سێ چوار ئینجی هەیە.

ـ ئەوەندەشی نییە، درۆیە.

ـ بەخودای یەک بە شیلانگ ئاو دەهات.

ـ ڕوڵە کارم هەیە و دەڕۆم دەنا خودا دەزانێ تەڕاییم لێ دەبڕی!

### ▪ ئازاد ـ سەردەشت:

دۆستێکم کە بە مێرمناڵی ماوەیەک شاگردی ئوتووبوسی تاران - سەردەشت بوو بۆی گێڕامەوە: جارێکیان بە شەوێکی زستان لە تارانڕا دەگەڕاینەوە، ئەوەندەمان موسافیر سوار کردبوو کە بۆ منی شاگرد جێ نەبوو دانیشم. سەرباقی ئەوەش هەر بە نیوساعەت بۆگەنێکی زۆر پیس هەموو ئەو ئوتووبووسەی دادەگرت و دەبوو بە بۆڵەبۆڵ و جنێودان و پف پف کردن! هەموو جارێک ئوتووبووسیان پێ ڕادەگرتین و بەو سەرمای زستانە بەناچاری دەرگامان دەکردەوە تا هەوایەک بگۆڕدرێ. هەر هەموو جارێکیشیان کابرای ڕانندە لە ئاوێنەڕا چاوی لە موسافیرەکان دەکرد و بە کوردی و فارسی داوای لێ دەکردن کە دان بە قوونی خۆتان داگرن، عەیبە، چۆن ئەبێ یەک ماشێن پڕی موسافیر بە تسی یەک نەفەر کوێراییان بە چاواندا بێ؟!

دوو سەربازی تورک کە دوو ڕیز دواتر لە پشت سەری ڕانندە دانیشتبوون و بە جووتە لینگیان بە سەندەڵی پێش خۆیانەوە هەڵنابوو هەموو کەڕەت دوای نوتقی ڕانندە یەکێکیان بە دەنگی بڵیند دەیکوت: (آقا! سوءتفاهم نشه هااااا، ما نیستیم.) واتە: کاکە فکری خراپ مەکەن ئێمە نین. هەر بەو شێوەوە هاتین و هەمان قاڵ و باسمان هەر بوو؛ وەخت بوو بخنکێین، هەرچی کردمان بۆمان ڕوون نەبووە کاری کێیە. کە بۆن دەهات فەرقی ئەوەڵ و ئاخری ئەو ئوتووبووسە نەبوو. نیوەڕێ هاتبووین و بە ڕووشە بەفرێکی وشک خەریکی بارین بوو. بۆ نزیکەی ساعەتێک خەبەر لە بۆن نەبوو، بە ڕانندەم کوت: شوکر کابرا ئاخرەکە ی قفڵە قوونی کرد و نەجاتمان بوو، ئەینا ئاوا چووبا پێش کەسمان بە ساغی دەرنەدەچووین.

هەر لەو قاڵ و باسە دابووین بۆگەنێکی وا ئەو ماشێنەی داگرتەوە دەتکووت سەگ تۆپیوە. ڕێک کاری لە مێشک و گەرووی ئینسان دەکرد. کابرای ڕاننده لە نێوقەدی جادە ماشێنەی ڕاگرت و کوتی: ئەمن با بابی ئەو دوو "سووئی تەفاهوومان"ـە بگێم، خۆ ئەوشۆ ئێمەیان کوشت، بەخوا ئەو تسە پیسانە بەس لە قوونی ئەو دوو گەوادە دەوەشێنەوە! پشت ملی گرتن و هەرچەند تکا و ڕەجایان کرد جوابی نەدانەوە و لە نیوەی ڕێ بەو شەوە تووش و تاریکە دایبەزاندن. خوا وەتان حەسێنێ ئیدی ئاسەواری بۆن نەما. کابرای ڕاننەدەش تا سەردەشت هەر دەیکوت: هەی ئەمن بابی هەرچی "سووئی تەفاهووم"ـە بگێم، بۆ زووترم ئاقڵ پێ نەدەشکا شەپێکیان تێ هەڵدەم و وەدەریان نێم؟!

▪ **سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک":** "[کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"]"



Jörg Imme